**ماددەی ( ٥ )**

**هەر کەسێك ئەم سەرپێچیانەی خوارەوە ئەنجام بدات, سزای پێ بژاردنی بەسەردا دەسەپێنرێت لە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد وپەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت ولە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت:**

**١- فرێدانی پاشماوەی مەترسیدار بۆ نمونە (کاربۆن) لە لایەن کارگە پیشەسازییەکان یان نەخۆشخانەکان و ئەو دەزگایانەی هاوشێوەیانن.**

**٢- بەتاڵکردنی تانکەرەکانی ئاوی ئاوەڕۆ لەو شوێنانەکە تەرخان نەکراون بۆ ئەو مەبەستە .**

**٣- دزەکردنی مادە نەوتیەکان یان هاوشێوەیان لە ماڵان یان لە باڵاخانەکانی ترەوە یان لە ئۆتۆمبیلەکان وتانکەرەکان یان لە وێستگەکانی سووتەمەنی ,ئەگەر ئەم کارە بە ئەنقەست یان کەمتەرخەمی ئەنجامدرابێت یان نا .**

**٤- بڵاوبوونەوەی دووکەڵ یان گازەکان یان تەپوتۆز بە ڕێژەیەکی زۆر لە کارگە پیشەسازییەکان یان هاوشێوەکانیان.**

**ماددەی ( ٦ )**

**یەکەم: زیادکردنی بڕی سزای سەپێندراو لە ماددەکانی پێشوو بۆ دوو بەرامبەر لە کاتی دووبارەبوونەوەی سەرپێچی لە دوای ئاگادارکردنەوەی سەرپێچکار بە سەرپێچیەکەی.**

**دووەم: دەبێت سەرپێچکار سەرپێچی یەکەی یان شوێنەوارەکەی لاببات لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژ تا (٣٠) سی ڕۆژ.**

**ماددەی ( ٧ )**

**لە حاڵەتی ڕوودانی هەر سەرپێچییەك کە لە ماددەکانی (٥,٤,٣,٢,١) ئاماژەیان پێ دراوە فەرمانبەرانی دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە وتیمەکانی پشکنین لە فەرمانگەکانی ژینگەی پارێزگاکان وئیدارەکان ورێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وهاووڵاتیان مافی تۆمارکردنی سەرپێچی یەکانیان وئاگادارکردنەوەی دەستە یان فەرمانگەکانی ژینگەیان هەیە بەو سەرپێچییانە.**

**ماددەی ( ٨ )**

**ئەو لایەنانەی خوارەوە دەسەڵاتی بەرزەفت کردنیان هەیە بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییانە:-**

**١-فەرمانبەرانی سەر بە فەرماندەیی پێشمەرگەی پاراستنی ژینگە و یەکەکانیان.**

**٢-بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان وژینگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانیان لە پارێزگاکان وقەزا وناحییەکان.**